وەزیری کەچ و کەچبەرانی عێراق: نووسراوی فەرمیمان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بە ئەوەی دەستبکات بە داخستنی کامپی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆک

ئیڤان فایەق، وەزیری کەچ و کەچبەرانی عێراق، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی تەمەتبار کرد بەوەی ڕێگریی لەدەکات، بچێتە ناو کامپی ئاوارەکانی دهۆک.

وتیشی: "دووچاری سەرسوڕمان بوون، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادات بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بە ناوچەکانی خۆیان لە قەزای شنگال".

وەزیری کەچ و کەچبەرانی عێراق دەڵێت: "نووسراوی فەرمیمان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بە ئەوەی دەستبکات بە داخستنی کامپی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆک".

بەوتەی وەزیری کەچ و کەچبەرانی عێراق، بە تەنیا لە شاری دهۆک، نزیکەی شەش هەزار خێزان لە پێکهاتەی ئێزدییەکان ناویان تەمارکراوە و خواستی گەڕانەوەیان هەیە بە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام بە نووسراوەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دووچاری سەرسوڕمان بووین، کە بەیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕەتدەکاتەوە و گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە پێیوەست دەکات بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی

شنگالەوە، کە ئەو بابەتە ئیشی ئەمە نییە".

ئیڤان جابرە رایگەیاند "لە راستیدا ئەمە پەنامان بە دادگای فیدراڵی بردووە، جگە لەوەش ماوەیەک لەمەوبەر ویستوومانە بچینە کامپی ئاوارەکان و بەسەریان بکەینەوە، بەڵام دووچاری سەرسوڕمان بووین بە بیارەکی حکومەتی هەرەمی کوردستان، کە قەدەغەی سەردانی وەزیری کەچ و کچبەران دەکات بە کامپی ئاوارەکان لە دهۆک، مەرجی ڕێگەدانەکەشیان بەستووەتەوە بە کشانەوەی داواکەمان لە دادگای فیدراڵی، بەڵام من داواکە ناکشێنمەوە".